www.kurdistannet.org
18-1-2003 12:57

# هەرگیز راســـــــتیەکان چەواشە ناکریّن

ئەحمەد دەشتی

## کورتەوەرامیّك بۆ بەڕیّز کاك ( د .ت. بابان )خاوەنی وتاری کوردستان لە نیّوان دوو حزب و چوار داپیرکەردا کە لە ڕۆژی ١٥,١,٢٠٠٣ دا لە کوردستان نیّت بلو کراوەتەوە .

کوردستانی ژێر دەستەی داگیر کەرانی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە دوژمنانی کورد خەنجەرێکی ژەهراویان لەدەروونی ئەم نیشتمانەی کورد داوەو دابەش بە سەر تورك و عارەب و عەجەمیان کوردووەو کوردستانی لەت لەت و پارە پارە کراو زامیّکی ئەوەندە قوولە کە بەڕاستی بوەتە هۆیەکی هەرە مەزن و گرنگ بەسەر گەلی کورد کە تا ئێستاکوردیش وەك گەلانی تەواوی جیهان نەیتوانیوە کە بۆ خۆی وەلاتێکی سەر بەخۆ و قەوارەیەکی میللی خۆی هەپیّك بیّنیّ و ئیّمەی کوردیش بە ئاسودەیی و سەربەرزی و شادی لە ناو لانەی خۆمان دا ئازادو ڕەها بین و کوردستانی ڕەنگیمان سەر بە خۆمان بیّت و ئیّمەش نیشتمانەکەی خۆمان بەرەو پیّشەوە بەرین و تەکنیك و تەکنەلۆژیای کوردیش وەك ئەم حەمکە گەلانەی جیهان لەوپەڕی پیّشکەوتن و سەرکەوتن دابیّن،من پیّم وایە کە هۆی هەرەمەزنی نەبوونی کیانیّکی میللی کوردی هەر لە کۆنەوە هۆی داگیر کردن و دابەش کردنی کوردستانی ئازیزمانەکە زۆر نامەردانە بە سەر ئەم سیّ وەلاتە داگیرکەرەی دوێنیّ و ئەمڕۆی کوردستان دا بەش کراوە کە بە هیچ شیّوەیەك مافی ئازادی و میللی و تەنانەت بە ئاسودەیی ژیانیش لە لانەی شیرینی خۆمانمان دا پیّ ڕەوا نابینن و هەرگیز دانیان بە مافی ڕەوای گەلی کورد نەهیّناوەو لە گەل ئەوەش دا کە گەلی کورد سالەهای سالە بە سەدان ڕاپەڕینی خویّناوی و شۆڕشی پیرۆزی لە خەبات و تیّکۆشان و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی دا هەرگیز نەوەستاوە بۆ سەندنی مافە ڕەواکانی خۆی قوربانی بە هەزارار ڕۆلەی دلسۆز و قارەمان و تیّکۆشەرانی میللەتەکەی خۆی داوەو،ئەگەر ئاوڕیّکیش لە میّژووی گەلی کوردی چەوساوە بدەینەوە دەبینین کە دوژمنانی دڕندە چۆن گەلی کوردیان چەواشەو ویّل و سەرگەردان و دەربەدەرو ئاوارە کردووەو چۆن هەمیشە لە پشتەوەڕا خەنجەرە ژەهراویەکانیان وەشاندووە و گەلی کوردیان بەم هەموو ئازارو ڕەنج و کوێرەوەریانەیان بردووین و هەمیشە لە هەولی ئەوە دابووینەودانە کە ڕۆژیّ لە ڕۆژان ڕیّگە بە گەلی کورد نەدەن کە تەنانەت مافی خوێندن و نوسین و پەیڤین بە زمانی شیرینی کوردی خۆشمانەوە هەبیّت و بە هەر نرخیّك و بە هەر شیّوەیەك بیّ لە دوژمنایەتی کردن و سوك کردنی گەلی کورد نەپەنگاونەوەو بە دەها شۆڕشی خویّناویان خامۆش کردووە و بەسەدان ڕۆلەی کورد و ڕابەرانی کوردیان لە دار داوەو وەیان ئاوارەو دەربەدەری وەلاتانیان کردووە ،لە ڕۆژگارانی زووش دا خۆ ئەم دوو حیزبە نەبووینە کە گەلی کورد هەر ئاوا ژیّر دەستە و چەوساوە بووە .

من نامەویّ زیاتر بچمە ناو دیرۆکی ڕابردووەوە ئەوەی کە لیّرەدا مەبەستمە ئەوەیە دەمەویّ بلیّم کە بەڕاستی جیّگەی داخە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نوسەر و ڕۆشەنبیر و دلسۆز بۆ کوردو کوردستان نیشان دەدەن و پیّیان وایە کە هەر ئەوان خەمخۆری کودرو کوردستانن و بەبیّ ئەوەی کە زەڕڕەیەك لە ویژدان و ڕاستی و دوور لە هەموو ناڕەوایی و نا بەجیّ بیر بکەنەوە یەکسەر پیّنوسە ژەهراویەکانیان بە کار دەبەن و خەباتی سالەهای سالی هەموو ئەو کەسایەتی و حزب و ئەولایەنە دلسۆزانەی کە سالەهای سال لەو هەموو زروف و ڕۆژگارە نالەبارو دەست ڕۆیی دوژمنانی داگیرکەرو کوردستانی لەت لەت و هەرچوارلا گیراو بە نیازی گلاوی دوژمنان و گەلیّکی بیّ کەس و دۆست لەم هەموو جیهانە گەورەیەدا بە هەزاران قوربانیان داوەو لە خەباتی ڕەوای گەلە چەوساوەکەیان هەرگیز ئەوەی کە لە توانا دابیّن دریّغیان نەکردوەو قەتیش ڕۆژیّ لە ڕۆژان موساوەمەشیان لە سەر کیّشە ڕەواکەی گەلی کوردا نەکردووە و تا ئەمڕۆش لە خەبات و تیّکۆشان نەوەستاون،بەلام دەبینین کە کەســانی وەك ماموستا وبەڕیّز بە ناوی ( د. ت . بابان)ەوە لە جیاتی دەست نیشان کردنی ڕیّگە چارە سەریەکان و دۆزینەوەی ڕیّبازیّکی ڕاست کەجیّگەی خۆی لە دلی نیشتمانپەروەرانی کورد بکاتەوەو هەولی سەرکەوتن و بە شدار بوونی لە خزمەت بە گەل و نیشتمانی بە خەردەل و سیانید خنکیّندراو،تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە ناڕاستیەکان بلاو بکاتەوەو زۆر بیّ ویژدانانە باسی خەلکان و لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستان بکاتن و باسی سیاسەتی چەوت و دکتاتۆریەت و گەلیّ قسەی ترو ناشیرین کە بەڕاستی لە ناو دەروونی کەسانی دلسۆز و خاوەن باوەڕی ڕاستی کوردایەتی هەرگیز جیّگەی نابیّتەوەو لەککەیەکی شەرماوەرانەشە بۆ خودی نوسەر کە ئەوەندە ناڕاستگۆ و ناڕەوایانە دەنوسیّ و هەموو ئۆبالەکانی کوردستان دەخاتە ئەستۆی خەباتگیّڕان و دلسۆزانی کوردو کوردستان بە بیّ

ئەوەی کە زەرپریەکیش باسی هۆکارە ڕاستەکانی کوردی دەورە دراو لە هەرچوارلای کوردستانەوە بکاتەوەو ڕاستیەکان بێنێتە بەرچاوی خۆی و کورد کوژی سالەهای سال کە پێش ئەو پارتیانەش هەر هەبووە یەکسەر دەیخاتە ئەستۆی ئەو حزبانەی کە تەنیا ئەوانن بەرگری لە بوون و نەبوونی گەلی کورد دەکەن و شومشیرێکی پڕ لە ژەهرو پڕ لە کارەسات بە دەستەوە دەگرێت و شلم کوێرە ناپیارێزم ڕای دەوەشێنێ و هەموولایەنەکان بە خراپکارو دوژمنی کوردو دکتاتۆرو زۆر شتی تر تاوانبار دەکاتن شومشێری ڕەشی دوژمنکاری دەخاتە گەردەنی دلسۆزانی کوردو کوردستان و بوختانان دەکاتن، ئەگەر ئەم ماموستا کاك (ت. بابان)ە کەمێ بە ویژدانانە لە خۆیەوە بڕوانێت و بە خۆی بلێ گەلۆ ئاخر من بە خۆم چیم بۆ کورد کردووە جگە لەوە نەبێت کە ژەهری نیفاق و خراپەکاری بلاو کردنەوەی وەك ئەم نوسینەی کە بە ناوی (کوردستان لە نێوان دوو حزب و چوار داگیرکەردا ) لە ڕۆژی ١٥-١-٢٠٠٣ دا لە کوردستان نێت دا بلاوی کردۆتەوە، ئەو بەڕێزە هەر لە ئەدرەسەکەی دا تەوهین بە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد دەکاتن، سوکایەتی بە بیرو باوەڕی هەزاران هەزار کوردی دلسۆز و قارەمان و خەباتگێڕ دەکاتن کە وەك داگیرکەرانیان دەژمێرێت ودەفەرموێ و دەلێت (پارتی و یەکێتی هەرگیز نوێنەرایەتی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد ناکەن) باشە جەنابت بە چ مافێکەوە باسی گەلی کورد دەکەی، خۆتۆ نە قەت خەباتت کردووە نە ڕۆژێ بۆ کورد ماندوو بووی نە بۆ کوردیش دەنوسی ، خۆ هیچ نەبێ پارتی و یەکێتی لە هەلبژاردنێك لە کوردستانێکی تۆ بلێی و نەلێی ئازاد دا لە گەل هەموو کەم و کوڕیەك دەنگیان بەم دوو حیزبە داوە و زۆرینەی دەنگیکشیان هێناوە، کوردی تینووی ئازادی و کوردی ئەنفال و سارین و خەردەل دیدە ئەوانیان هەلبژارد وەو بە هەزاران هەزار دەنگیان هێناوە، کەواتە ئەوانن کە مافی خۆیانە کە نوێنەری خەلکی کوردستان بن و تۆش هیچ مافێکت نیە بە ناوی خەلکی کوردستانەوە بپەیڤیت و ئەو دەهۆل و زوڕنایەی کە جەنابت بە ناوی (د.ت.بابان)ەوە هەلت گرتووە ئەوە بزانە کە تەنیا سوکایەتی بە خۆ کردنە، دەتۆ بفەرموو بچۆرەوە کوردستانی بە دەست دوژمنان داگیرو وێران کراوو ئەنفال و کیمیا کراوو بە سەدان بۆمب پیا کێشراوو بە هەزان گوند خاپوور وبە خاك یەکسان کراو و کانی سیمانکراوو ئەشکەوت و دارو بەرد لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێندراو، بزانەو باش بڕوانە لە گەل دیسان بوونی ئەو هەموو دوژمنانەی کە دەوریان لەو ئەزموونە پیرۆزە داوەو بە دەها نوسینی ئاوا ژەهراوی و گەلێ هەول و تەقەلای تریش کە دەیانەوێ ئەو ئەزموونە پیرۆز ە ئەو هەلە مەزنەی کە ئەمڕۆی لە سایەی سەری خوێنی هەزاران هەزا شەهید و بۆمبارانی کیمیاوی و ئەنفالەکان هاتۆتە کایەوە، دەبینین ئەمڕۆ هەر ئەوانەی کە جەنابی(د.ت.بابان)باسیان دەکاتن وا ئاوەدانی دەکەنەوەو لە جێگەی هەر بۆمبێك و شوێنەوارێکی وێرانە گولی ئازادی و سەربەستی گەلەکەیان دەڕوێنن و لە هەموو ناوچەکانی خاوەر میانەش دا بە تێکڕایی ئەگەر بە ویژدانانەوە بڕوانین کە سەدان سالە دەولەت و کیانیان هەیە بەلام هەرگیز ئەو دیموکراتیەو ئەو پێشکەوتنەی کە لە کوردستانی ژێر دەستی ئەو دوو لایەنەدایە لە گەل هەموو کەم و کوڕیەکانیش دانیمچە دیموکراتیەك بەرپا بووە کە لە هیچ شوێنێکی تری ئەو دەورو بەرەی خاکی کوردستان دا نائێستاش نە بیندراوە ، هەموو ئەوانەی کە لافی چەند هەزار سالەی شارستانیەت و بوونی دیرۆکێکی دوور و درێژیان لە وەدی هێنانی وەلات و کیانی میللیان دا لێ دەدەن، کەچی دەیان بینین کە تەنانەت دان بە مافی میللەتێکی تر لە ناو خۆیانیشەوە نانێن و بە هەموو شێوەیەك دژ بە دیموکڕاتی و هەموو بیر و بۆچونێکی ئازادن، بەلام لە کوردستانی ئێمە دا ئەگەر بە ویژدانانە بڕوانینە مەسەلەکانەوە لە گەل بوونی ئەوهەموو دوژمنانەو هەموو گیرو گرفت و نەبوونییش دا کە بۆ زیاتر پێشکەوتن و ئاوەدان کردنەوەو وەدی هێنانی نیازی تەواوی خەلك هەبێت، دەبینین کەچی کارێکی زۆریش کراوە ،هەر لە ماوەی ئەم چەند سالە دادەبینین کە پێشکەوتنێ دیارە ،کەخودی ئەمەش کەسایەتیەکانی جیهانیانی ئەوانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە لە زۆر ڕووەوە دانیان بەوە ناوە کە گەلی کورد دەتوانێت وەك میللەتێکی سەربەخۆ و ئازاد لە ناو مال و ژیانی خۆی دا بژیت و نیشتمانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و دەست درێژیش بۆ هیچ دراوسێ و خەلکانێکی تر نەکاتن، ئەمە بە پێی ڕاو بۆ چونی گەلێ لە پسپۆران و شارەزایانی کە سەردانی کوردستانیان کردووەو شایەدی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەن کە لە ژێر سایەی پارتی و یەکێتی لە کوردستان دا ڕووی داوە .

من پێم وایە کە ئەوانەی وا بەو شێوە دڕەواننە کێشەکانی کوردستان و تەنانەت لە ڕوداوێکی بچکۆلانەش دا سەدان بوختان و گۆتەی پووچ و بێ تام و بێ مانا دەخەنە سەر لاپەڕە ڕەشەکانەوە، ئەوانە دیارن کەلە کامە ئاو دەخۆنەوەو بۆچی ئاوا بە سوکی و بە درۆ و بە بوختان کردن و ناڕاستی گوتن ڕوو لە گەلە هەژارەکەیان دەکەن، بۆچی ئاوا ئەوەی کە ڕاستیە نایلێن و دۆلی نەیارانە دژ بە گەلەکەیان لێ دەدەن، من نالێم پارتی و یەکێتی هەلەیان نیە ،هەلە زۆرن بەلام من پێم وایە کە هەلەش لە کار کردن دا وەدەر دەکەوێت و پارتی و یەکێتی ئەمڕۆکە خەلکی کوردستان دەنگیان داونەتێ و سبەش کە هەلبژاردن دەبێتەوە جەنابی کاك (د.ت.بابان) با ئەو حزبەی چە هەیەتی یان دەیەوێ دروستی

بکاتن و بچیّتەوە مەیدانی خەبات و تیّکۆشان و چارە سەری گیرو گرفتەکان بکات و لە هەلبژاردنەکانی ئایەندەش خۆی هەلبژیریّت و بزانیّ چی ڕووە دەداتن و چۆن دەبیّتن، بەلام بەم شیّوە نوسینە ژەهراویە هەرگیز ناتوانی کە خزمەت بە خاك و نەتەوەکەت و هەزاران کوردی ئاوارەو دەربەدەر بکەیت  و خۆت بخەیتە ناو دلی دلسۆزان و خاکپەروەران ، خزمەت کردنیش بە نیشتمان و کوردو کوردستان دیارەو نوسینیش کە ژەهراوی بوو تەنانەت خودی خاوەنەکەی زیانی پیّ دەگات و هیچ کاریگەریەتیەکی لە سەر هەست و بیری پاکی هیچ کوردیّکی ڕاست و نیشتمانپەروەر نابیّتن، ئەو شتانەی کە کاك (د.ت.بابان) نوسیویەتی بەڕاستی سەیرو سەمەرەیە و نازانم کەسیّکی کە خۆی بە  ڕۆشەنبی و پاك و دلسۆز و زانا بزانیّت  چۆن ماف بە خۆیەوە دەداتن  بە ناوی گەلی کوردەوە بلیّتن کە گەلی کورد پارتی و یەکیّتی ناویّتن، بە تایبەتی لەم کاتە دا کە ئەوان بە ڕوالەت ئاشتیان کردووە پەرلەمانیّکی یەکگرتویان هەیەو هەولی چارە سەری کیّشەکان دەدەن و دەیانەویّ کەم و کوڕی و هەلەکان لە ناو بەرن و بە یەك دەنگەوە سیاسەتی دەرەوەیان بەڕیّوە دەبەن و بە پیّی زروفی ئەمڕۆی ناوچەکەو کوردستان هەلس و کەوت دەکەن و ئینجا (کاك دکتۆر ..بابان)هەمووئەمانە ڕەت دەکاتەوەو هیّرشیّکی ناڕەوایانە دەکات و خۆی بە نویّنەری گەلی کورد دەزانی و دەپەیڤیّ و ئەوەی بیری بۆ چووە دژ بەم دوو حیزبە کوردیەی نوسیوەتی بەلام وەك شاعیر دەلیّ (ڕەبی مووی لیّبیّ زمانی پەنجەکانی هەلوەریّ هەرکەسیّ گولشەن بە دەردی گولخەنی دۆزەخ بەریّ) .

من لە دوای قسەکانم ئەوەندە دەلیّم ماموستای بەڕیّز (کاك د.ت.بابان)لە جیاتی خەلك تاوان بار کردن و سوك کردنی خەلك و بە کەم ڕوانیّن لە خەباتی هەزاران هەزار ئەندام و لایەنگر و دۆستانی ئەم دوو حیزبە وا چاتر بوو کە ژیرانەترو بە ڕاستی تەماشا کردن بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان پیّنوسەکە ت بە کار هیّنابایە ،چونکە ئەوەی کە تۆ نوسیوتەو دەفەرمووی لە سەر تا خوارەوە هیچ ڕاستیەکی بۆ نیەو ئەمە تەنیا ویستی نەیارانی کوردە کە کوردیّکیش خۆی بە ڕۆشەنبیر بزانیّ و دەستی قەلەم بگریّتن ئاوا بیّ ویژدانانە بەرامبەر گەلە چەوساوەکەی و ڕۆلە خەباتگیّڕەکانی نانوسیّتن کورد دەلیّت :قسە باش بجوەوە ئەوساکە بیلیّ و دەری ببڕە .

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥